# جەستەیەکی ماندوو



داستان بەرزان

ئێستاکە وەکو جاران حەوسەڵەی کارم نەماوە، بەڵکو کوڕە تاقانەکەمم کردۆتە جێنشینم، هەرچەندە هەندێجار لەسەر وەسێتی ئەو کەسانەی بەرلەمردنیان داوایان کردووە من گۆڕیان بۆ هەڵبکەنم، دەچمە گۆڕستان و بەهەناسەسوارییەکی زۆرەوە کار دەکەم، ماوەی چەند ساڵێکە لەبری ئەوەی لە شەوێکی درەنگەوە وەئاگابم و دوای نوێژی بەیانی بچمە سەرکار، بەوپەڕی دڵنیاییەوە چاوەڕێی ئەوکاتە دەکەم، وەکو هەموو ئەوانەی بە دەستەکانی خۆم بە خاکم سپاردوون، منیش بەرنە گۆڕستان و لەو گۆڕەم بنێن، کە هەر لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیمەوە بۆ خۆمم ئامادەکردووە.

بەڕەحمەت بێت وەستا کەریم کە پیاوێکی نورانیی و دنیا دیدەبوو، هەمیشە پێیدەگوتم: کوڕم ڕاستە هەمووان مردنێک قەرزدارین، بەڵام کێ دەڵێ گۆڕمان بە نسیب دەبێت، هەزاران کەس لە جەنگەکاندا دەبنە قوربانیی و کەس نازانێ تەرمەکانیان چی بەسەر دێت، چەندین کەسیش مردنیان لە نێو ئاوەکاندایە و بۆ هەمیشە نادۆزرێنەوە.

کارکردنی من لە نێو گۆڕستاندا ئەگەرچی بژێوی ژیانمی لەسەر بوو، بەڵام هەمیشە بە دیوێکی تردا لێمدەڕوانی، بەجۆرێ هەستم دەکرد عەشقێکی جاویدانم هەیە بۆی و لە قوڵاییمەوە دێتە دەرێ، چونکە من هەرلە منداڵیمەوە خۆشەویستیم هەبوو بۆ گۆڕستان، بیرمە لەگەڵ منداڵانی گەڕەک دەچووینە سەر دارئەرخەوانەکانی نێو حەوشەی مەزاری شێخ و بەدڵی خۆمان گوڵە ئەرخەوانمان دەخوارد، هەرکاتێکیش لە دوورەوە زێوانەکە دەردەکەوت ڕامان دەکرد، ئەویش لە دوومان دەهات و بە بەرد و دار و جنێو تا دەروازەی گۆڕستانەکە ڕاوی دەناین.

ئامانجی من لە ڕۆشتنم بۆ گۆڕستان، جیاوازبوو لە هەموو منداڵەکانیتر، ئەوان تەنیا دەهاتن دار و درەختەکانی گۆڕستان بشکێننەوە، یان نووسراوی سەرکێلی گۆڕەکان بشێوێنن، هەرکاتێکیش لە دوورەوە تەرمێکیان ببینیایە بێت بۆ گۆڕستان، بە هەموو تینیان هەڵدەهاتن، بەڵام من دەمویست لە نێو ئەو بێدەنگییەی ئەوێدا هەناسەیەکی قووڵ هەڵبمژم، بەرامەی ڕەیحانە و گوڵەکان تەواو مەستم بکەن، دەمویست لە ژێر سێبەری دار ئەرخەوان و دار زەیتونەکانی ئەوێدا سەرخەوێک بشکێنم و تێیدا خەون بە ژیانەوە ببینم، دەمویست بیر لەو ئافرەتە بکەمەوە کە بەرلەناشتنی تورەکەیەک قژەسەریان نایە ناو گۆڕەکەی، یان لەئێسک و پروسکی ئەو منداڵانە ورد ببمەوە، کە بە دەمی سەگە دڕەکانی شەوەوە گۆڕەکانیان هەڵدرابووەوە، ئەمانە و چەندین مەبەستیتر هۆکاربوون بۆ ئەوەی نەتوانم لە گۆڕهەڵکەندن زیاتر هیچ کارێکیتر هەڵبژێرم.

بۆیە هەر کە گەیشتمە یانزە ساڵان، ڕۆژێک چوومە لای وەستا کەریم، دوای تۆزێک خۆسەرقاڵکردن



بە دامێنی کراسەکەمەوە، بە ترسێکەوە گوتم: وەستا حەزدەکەم لای تۆ کار بکەم، ئەویش بە بزەیەکەوە لێم وردبووەوەو گوتی: ڕۆڵە گیان کارەکەی من بۆ تۆ سەختە، هەوڵبدە لای دوکانی هەلاجەکەی نزیک ماڵی خۆتان کاربکەی، ئەو ئێوارەیە بەبێتاقەتییەوە چوومەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام هەر کۆڵم نەدا و دوای ماوەیەکی زۆر هەر چۆنێک بێت لای وەستا کەریم جێگەی خۆم کردەوە، لە سەرەتادا باوکم کە وەستای دەباغیی بوو، پێی ناخۆش بوو لەوێ کاربکەم، ئەو حەزی دەکرد لەگەڵ خۆی بڕۆمە کار و نەچمە گۆڕستان، بەڵام دوای چەندین جار توڕەبوون و تەنانەت لێدانیش بێزاربوو لە ڕێگریکردنم.

دوای دوو ساڵ، وەستا کەریم هەموو کارێکی پێدەسپاردم، چونکە دڵنیابوو لەوەی دەتوانم زۆر بە ڕێکوپێکی کارەکانی بۆ ئەنجامبدەم، جار جارە لە دەست و بازوومی دەڕوانی و لە چاوانیدا سەرسوڕمانم دەخوێندەوە، لە ڕاستیدا ئەو پێی وابوو کەس ناتوانێ هێندەی ئەو گۆڕیچەی ڕێک و پتەو دروست بکات، کە دەیبینی بەو وردبینییەوە کار لەسەر گۆڕیچەکان دەکەم و هەوڵدەدەم بە جوانترین شێوە بیاننەخشێنم، دەستخۆشی لێدەکردم و ماندوونەبوونی بۆ دەنارم، من کاری گۆڕهەڵکەندنم بە هونەرێکی قورس دەزانی، لە کارکردنم لە نێو هەر گۆڕێکدا بیرم لەوە دەکردەوە، تۆزێکیتر مرۆڤێک بە هەموو خەون و هیواکانییەوە دەبێتە میوانێکی هەمیشەیی ئێرە.

تەمەنم پانزە ساڵان بوو، بڕیارمدا بە تەنیا کار بکەم، چونکە هەستم دەکرد کارکردنم لای وەستا کەریم چێژی تـەواوم پێنابەخشێت، بە ڕادەیەک پێموابوو، هەتاکو لای ئەو کاربکەم، دەبێت چێژی گۆڕهەڵکەندن لەگەڵیدا بکەم بە دوو بەشەوە.

لەو ڕۆژەوەی کە بەیەکجاری بوومە گۆڕهەڵکەنێکی سەربەخۆ، زیاتر هەستم بەئارامیی دەکرد، یەکەمین کار کە بە تەنیا کردم، گۆڕی پیاوێک بوو پێش ئەوەی بمرێ لە تەنیشت ژنەکەیەوە بۆم هەڵکەند، ئەوە بوو دوای سێ ساڵ ئەویش مردوو بە دەستی خۆم بە خاکم سپارد، پاش ئەوە چەند گۆڕێکیترم هەڵکەند کە ئەوانیش گۆڕی باوکێک و کچ و کوڕێک بوون، لە کارەساتی ئۆتۆمبێلدا گیانیان لە دەست دابوو.

بەیانیان زوو دەچوومە سەر کارکردن، تاکو بەتەواوی دیمەنەکانی سپێدەی گۆڕستان ببینم، بۆنی نسێی گۆڕەکان لوتم پڕ بکەن، بڕوانمە کرانەوەی ئەو گوڵانەی لە شەرمیان بۆ مانگە شەو دەمووچاوی خۆیان دادەپۆشن، بەیانیانی گۆڕستان چێژ و ئارامییەکی وەهای پێدەبەخشیم لە هیچ شوێنێکیتر هەستم پێنەدەکرد.

هەرگیز ئەو بەیانییەم بیرناچێتەوە، کە دوو عاشقی بەلەنگاز، لە ژێر چەرداخی گۆڕێکدا بە دەم گریانەوە، وەنەوز دەیبردنەوە، هەرچەندم کرد نەمتوانی لێیان بچمە پێشەوە، چونکە هەر لە دوورەوە بە گەرمی عەشقیان بارگاوییان کردم و بەجۆرێ خرۆشام گریانم بۆیان دەهات، لەگەڵ ئەو هەموو هەستکردنەم بەجوانی لە ناو گۆڕستاندا، ئەوەی بەردەوام تورەی دەکردم، ئەو کۆمەڵە پیاوەبوون کە ئێوارانی هەینی دەهاتن، لە نزیک گۆڕستانەکە سەگیان بە شەڕ دەداو هێندەی نەدەبرد دەبووە دەمەقاڵێیان و بەشەڕ دەهاتن، ئەوەشی ئارامی دەکردمەوە ئەو پیرەمێردە بوو کە ڕۆژانە دەهاتە سەر گۆڕی هاوسەرەکەی و لێی دەڕوانی، هەندێجار لەبەر خۆیەوە ورتە ورتی دەکرد، وەک ئەوەی قسەی بۆ بکات و ئەویش وەڵامی بداتەوە.

کوڕێکی گەنجی خوێن گەرمیش هەبوو، هەموو عەسرانێک بە خۆی و هارمۆنیکایەکەوە دەهاتە گۆڕستان و تا ماندوو دەبوو ئاوازێکی وەهای دەژەند ئاو دەزایە چاوەکانی و تەزوویەکی شادیبەخشی بەسەر گۆڕەکاندا دەپرژاند، ڕۆژێکیان چوومە لای و پرسیم: بۆچی دێیتە گۆڕستان؟ لە وەڵامدا گوتی: دێم و دەمەوێت مۆسیقا بکەمە ڕۆحێکی ئەبەدی بۆ مردووەکان، چونکە لە گۆڕستاندا مۆسیقا قووڵتر ڕۆدەچێتە تاریکاییەکانی ناخەوە، لە دوای هەر هاتنێکم بۆ ئێرە ڕۆحی خۆم و مردووەکان نوێژەن دەبنەوە، بە جۆرێک وادەزانم ئێستا لە دایک بووین، هەرگیز لێرە هەست بە مردن ناکەم، چونکە دەبینم لە ئەنجامی هاتنم بۆ ئێرە فێری شتی تازەتر دەبم لە بارەی ژیانەوە، من گۆڕستان وەکو کتێبێکی گەورە دەبینم، هەر گۆڕێکیش لاپەڕەیەکە لەو کتێبە، هەر لاپەڕەیەکیش دنیایەک سەر گوزشتە و چیرۆک و شیعری لە خۆگرتووە، تۆ تەماشاکە ئەو هەموو عاشقە، ئەو هەموو پاڵەوانە، ئەو هەموو بلیمەتە، چۆن پاڵکەوتوون،....... بەدەم قسەوە ملی ڕێگەی گرتە بەر بەرەو بەرزایی گۆڕستانەکە و لە چاوانم وون بوو.

لە ڕاستیدا من لەتەمەنمدا عاشق بە هیچ ئافرەتێک نەبووم، تەنانەت بە هاوسەرەکەشم، کە کوڕێکی تاقانەم لێی هەیە، هەموو جارێک دایکم پێیدەگوتم: کوڕم بە دڵی خۆت خێزان هەڵبژێرە و ئێمە هیچ کارمان بەسەرتەوە نییە، بەڵام من قەت هەستم بە عەشقم نەکردووە بۆ ئافرەت، هەمیشە ئافرەت لای من ئەو دەرگایە بووە کە حەزم بە کردنەوەی نەکردووە، ئەگەرچی لەوە دڵنیابووم ئەو دەرگایە پڕیەتی لە نهێنی، جیاواز لە هەموو پیاوێکیتر بەردەوام دوورە پەرێز و کەمدووبووم لەگەڵ ئافرەتدا، تەنانەت لە دواساتی ژنهێنانیشدا هەر دوو دڵبووم.

زۆرجار کە لە باڵکۆنی ماڵەکەماندا بە دەم کێشانی سیگار و دەرهێنانی خۆڵی چەندین ساڵەی گۆڕستان لە نێو نینۆکەکانمدا، خەیاڵ دەمباتەوە، گومان دەکەم لەوەی کە ڕەنگە ئەم تاقە کوڕەم زادەی عەشقی من و گۆڕستان بێت نەک ژنەکەم، چونکە دەبینم ئەویش هاوشێوەی خۆم عەشقێکی ئێجگار جوانی هەیە بۆ گۆڕهەڵکەندن هەر بۆیە هەمیشە بەدەنگێکی ماندووەوە بانگی دەکەم و پێیدەڵێم: کوڕم من دەمرم، ئەوەی هێشتا زووە بۆ مردنی تۆیت، دەخوازم بتوانی هەست بە ئارامیی گۆڕستان دەرک بە جوانییەکانی بکەین، کوڕم هەرکات هەستتکرد چێژ لە ماندووبوونەکانی گۆڕستان وەرناگریت، واز لە کارەکەت بهێنە و خۆت بە کارێکی ترەوە سەرقاڵ بکە، چونکە مانەوە لە سەرکارێک کە چێژی تێدا نەبێت مردنە....مردن...

ئێستاش هەمان ئارەزووی جارانم هەیە بۆ گۆڕهەڵکەندن، بەڵام بەدەست خۆم نییە! تەمەن لەگەڵ هەڵکشانیدا، توانا و هێزی جارانی لێبڕیوم، ئەوەی کەمێک دڵخۆشم دەکات کوڕەکەمە، من ئێستا جەستەیەکی ماندووم.